زانستی کۆمەڵگا

وەرگێرانی : د.کاوس قفطان

زانستی کۆمەڵگا ناسین قوتابیانو کۆمەڵگا .

یەکێك لەو دیاردانەی لەم ماوەی دووایەدا سەرنجی مامۆستایانی دانشگای زاکێشاوە . ئەوەیە قوتابیان سەریان کردۆتە سەر خوێندن و لێکۆڵینەوەی زانستە کۆمەڵگاییەکان . بەتایبەتی زانستی کۆمەڵگا ناسین .

ئەمەش هەر ئەو قوتابیانە ناگرێتەوە کە پسپۆری لەم یان لەو لقی زانستەکانی کۆمەڵگا ناسیندا پەیدا ئەکەن . بەڵکو قوتابیانی زانستەکانی تریش ئەگرێتەوە . وەکو زانستی پزیشکیو ئەندازەیاری . چونکە گرنگێتی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان خۆی لە دۆخی تەندروستیو نەخۆشیو چەند پرۆژەیەکی ئەندازەیاریشدا چەسپاندووە . بگرە لێکوڵینەوەی کومەڵگا ناسین بووەتە بنکەیەکی بنەرەتی لە چوارچێوە فراوانەکەی نەخشە دانانو پێگەیاندندا . ئەوی راستی بێت ئەم دیاردەیە تەنیا لە وولاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکاندا نی یە . بەڵکو ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی دەوڵەتە ساوا تازەپێگەیوەکا نیش روویان کردۆتە ئەم زانستە .

لەبەر ئەمە پێویستە بەرپرساوانی نەخشەدانانی خوێندنی دانشگایی‌و خوێندنی بەرز لەم وولاتانە ئاورێکی تەواو لەمە بدەنەوە . بە جۆرێك سوودێکی باشترو زۆرتر لەم توانا لاوە ببینن لەرێی پێگەیاندنێکی پێکەڵی ئابووری‌و کۆمەلایەتی . کارکەرانی زانستە کۆمەڵگاییەکان بە شێوەیەکی هەمەجۆری هاتن بە دەنگ ئەم دیاردەیەوە . لەوانە گوێدان وئاوردانەوەیەکی تەواو لە دانانی کتێبی خوێندنو لیکۆڵینەوە کە بەم جۆر یان بەو جۆر ناوەرۆکو کێشە هەرە گرنگەکانی زانستی کۆمەڵگا ناسین بخاتە بەردەمو لە هەمان کاتیشد تینوێتی قوتابیان بۆ ئەم زانستە بشکێنێ . ئەم کتێبەی بەردەمیشمان یەکێکە لەو نموونانە کە پێویستی ئەو داخوازیە ئەخاتە بەردەم رەنگە ئەو شتەی لەم کتێبەکەدا نوێ بێت . ئەوەبێ نووسەر قوتابیانی بەشی

زانستی کۆمەڵگا ناسی لەم پلانەیو لە دانانی ئەم کتێبەیدا نەخستبێتە پشت‌گوێ ،ئەمەش بە ئاشکرا لەو نازناوە دا دیارە کە بۆ ئەم کتێبەی داناوە : « زانستی کۆمەڵگا ناسین . قوتابیانو کۆمەڵگا» . بەو نیازەی پێویستی بەیەکەوە بەستنی زانستو زانست‌خوازو کۆمەڵگا دەست‌نیشان بکات ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەمانە بەردی بناغەی زانسی کومەڵگا ناسینو لەهەمان کاتیشدا ئەنجامەکەیەتی . (جیرۆم رابۆی) نووسەر لە نووسینەوەی ئەم کتێبەیدا سوودی لە تاقی‌کردنەوەکانی خۆی لەکاتی دەرس ووتنەوەی زانستی کۆمەڵگا ناسین دا دیوە . ئەندامی دەستەی مامۆستایان بووە لە دانشگای کالیفورنیا لە شاری لوس ئەنجیلوس ، لەبەر ئەوە گومان نی‌یە ئەم لیکۆڵینەوەیە ،بریتی‌یە لە تیشك‌دانەوەی گیروگرفتە بنکەیی‌یەکانی زانستی کومەڵگا ناسینو گوێ‌دانو ئاوردانەوەی قوتابیان لەم زانستە ، لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دا . بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە ئەم ، کتێبە یان کتێبی تر سوودی لە وولاتە عەرەبەکاندا ، بۆ ووتنەوەی ئەم زانستە نەبێت . بە تایبەتی ژمارەیەکی زۆری قوتابیان روویان کردۆتە ئەم زانستەو هەر لەبەر ئەمەش گورجی‌یەکی تەواو هاتۆتە کایەوە بە نیازی دانانی کتێبی لێکۆڵینەوە لە زانستی کۆمەڵگا ناسیندا .

پێش هەموو شتێك نووسەر ، باسی ئەو هۆیانە ئەکات کە بوونەتە هاندەریو پاڵیان پێوە ناوە بۆ دانانو نووسینەوەی ئەم کتێبە . لەم رووەوە لەوە ئەدوێ کە دە ساڵ پێش دانانی ئەم کتێبە زانستی کۆمەڵگا ناسین لە ئەمەریکا جموجۆڵێکی گەورەی تێ‌کەوتبوو بەرادەیەك دیاردەیەکی نوێی خستە بەردەم ، کە بریتی بوو لەوەی ، لە توانادا نی‌یە بەیەك جۆر شێواز ئەم زانستەی پێ بخرێتە بەردەم قوتابیانی نوێ ، بەتایبەتی ئەم قوتابیانە چاویان لەوەوەیە ، ئەو شتانەی دەربارەی کۆمەڵگاو دەوروبەرەکەیان فێری ئەبن راستیو پاکێتی تێدا بێت . بەرای من ئەم ئاوردانەوەو گوێ‌دانەی قوتابیان بەم زانستە بەشداری‌یەکی گەورەبوو بۆ پەیدابوونی رێبازێکی نوێو جیاواز لە ووتنەوەی ئەم زانستە داو بەشداری بوونێکیش بوو بۆ رێ پاك کردنەوە بۆ ئەوەی رێبازێکی نوێ لە دانانو نووسینەوەی ئەم زانستەدا بێتەکایەوە .

بەلاّم هۆی تریش هەن دەستیان هەبوو بۆ ئەوەی لەم چەند ساڵەی دووایدا کتێبیّ خوێندنو فێرکردنی زانستی کومەڵگا ناسین بەم ژمارە زۆرە پەیدا ببن . لەمانە پەرەسەندنی ژمارەی ئەو کەسانەی بەم زانستەوە خەریکن جا لە چوارچێوەی تیوریابێت یان پراکتیکدا . جگە لەوەی ژمارەی قوتابیانی ئەم زانستە تەواو پەرەی سەند . ئەوەی خەڵکیش بەم جۆرە بەرەو ئەم زانستە رائەکێشا ئەوەیە ئەم زانستە راستەوخۆ لە دۆخی ژیانی کۆمەلاّیەتی ئەکۆڵێتەوە . جا لەبەر ئەوەی ژیانی کۆمەلاّیەتی‌ی هاوچەرخ ، لەچەند لایەن روویەکەوە کەم کووریو لەچەند لایەنو روویەکی تریشەوەبۆشیو بێ‌ناوەرۆکی پێوە دیارە ، لەبەر ئەمە ، ئەوانەی لە چوارچێوەی ئەم زانستەدا کار ئەکەن ناچار ئەبن هەوڵو کۆششی خۆیان ئاراستەی ئەوە بکەن ، نموونەیەکی پاراوەی تەواوی کۆمەڵگاو بەشەکانی تری کۆمەڵگا بخەنە بەر دەمیانو راستو رەوان شیبان بکەنەوە .

کەواتە ئەم کتێبە ، هەر وەکو خاوەنەکەی ئەیبینێ . هەوڵدانێکە لەبەر تیشکی زانستی کۆمەڵگا ناسین بۆ لێکۆڵینەوەی کێشە هەرە گرنگ‌و پێویستەکانی ئەم چەرخەی تیا ئەژین . لەبەر ئەمە بەردی بناغەی لێکۆڵینەوەکە بریتی‌یە لە رێکخستنی کۆمەلاّیەتی .

جگە لەمەش لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەڵگا ناسین لە وانەیە یارمەتی قوتابیان بدات هەموو ئەو شتانە گەلاّلەبکەن کە بەلایانەوە گرنگەو ئاوری لێ‌ئەدەنەوە بگرە وایان لێ بکات جارێکی تر ئەو ئاوردانەوە وشت نرخاندنەیان دابرژێننەوە . ئەوانەی لە چوارچێوەی ئەم زانستەدا کار ئەکەن تەنیا گوێ نادەنە وەسفو شی کردنەوەو تێگەیشتنی کردارەکانی ژیانی کۆمەلاّیەتی . یان چۆن رێکخستنە کۆمەلاّیەتیەکان لە رێیانەوە پێ ئەگەن ،یانخود چۆن برە کۆمەلاّیەتیەکان پێك دێن ، یان ئەو هۆیانە چین وائەکەن ئەم برانە پەرش ببنەوە . راستە بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوە کۆمەلاّیەتیەکان ، دەربارەی ئەو دیاردانە ئەدوێن کە بەپەیوەندی نێوان خەڵکانەوە بەستراوەو هەرچەندە ئەم دیاردانە بەشێکی گرنگی لێکۆڵینەوەی رێکخستنی کۆمەلاّیەتین . بەلاّم جێگای ئەم لێکۆڵینەوەیە ناگرێتەوە . لەبەر ئەمە دەسەلاّت نەبوو ، ئەبووایە لێکۆڵینەوەی تاكو لێکۆڵینەوەی رێکخستنی کۆمەلاّیەتی لەیەك جیابکرێنەوەو ئەو راستی‌یە دەربخرێت چۆن ریکخستنی کۆمەلاّیەتی ئەتوانیّ یارمەتی شیکردنەوەو تێگەیشتنی ژیانی کۆمەلاّیەتی بدات نووسەر لەم چوارچێوەیە دا رای خۆی ئەخاتە بەردەم کە بریتی‌یە لە زانستی کۆمەڵگا ناسین بریتی‌یە لە لێکۆڵینەوەی رێکخستنی کۆمەلاّیەتی .

ئەوی راستی بێت ئەمە شتێکی تەواو تازە نی یە لە زانستی کومەڵگا ناسیندا ، پێش ئەو چەند زانایەکی کۆمەڵگا ناسین باسیان کردووە . لەبەر ئەمە هەر لە سەرەتاوە نووسەر دەست پێشکەری ئەکات و لەوە ئەدوێ کە ئەم رایە لادان نی یە لەو بیرە سوسیۆلۆجی یەی لە کۆنەوە هەبووە . بەس ئەوەیە ئەم رایە یارمەتی داوە ، ئەو ئەنجامانە هەڵبژێرێت کە لەکتێبەکەدا هەیە . کتێبەکە لە کتێبەکانی تر ناکات . لەو جۆرە کتێبانەیە ، کە بریتی یە لە کۆمەڵێك ووتارو لێکۆڵینەوە کە نووسەر خۆی هەڵی بژاردوون و یەکی خستوون و پێشەکی بۆ نووسیون و یەکە یەکەش باسیان ئەکات و لەسەریان ئەدوێ . لە چوارچێوەیەکدا لەگەڵ نیازو خواست و رای خۆی بگونجێت و بەو جۆرەش کە ئەیەوەێ بە قوتابیانی بگەیێنێت . ئەو پلانەی نووسەر ، بۆ دانانی ئەم کتێبە لەسەری رۆشتووە ، بریتی یە لەوەی ، بەرهەمێکی زۆری ئەوانەی لە زانستی کۆمەڵگا ناسین بەتایبەتی و لەوانەی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بەگشتی خەریك بوون ، کۆکردۆتەوەو دوواپی کەرەستەی ئەم کتێبەی لە ناویان هەلبژاردووە پاش ئەوە چوار لێکۆڵینەوەی بنەرەتی ئەگرێت و ئەیانخاتە پێش چاوو لی یان ئەدوێ . ئەو چوار باسەش ئەمانەن :

١ – پێشەکیەك دەربارەی ناوەرۆکە بنەرەتییەکانی زانستی کومەڵگا ناسین .

٢ – وێنەی مرۆڤ و کۆمەڵگا

٣ – جۆرەکانی رێکخستنی کۆمەلایەتی .

٤ – پاشەڵەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ .

لە چوارچێوەی ئەم باسە بنەرەتیانە ، کتێبەکە ئەبێتە پانزە فەسل هەموو فەسلێك بەپێشەکی یەك دەست پی ئەکات ، هەموو ئەو راو بیروباورانە شی ئەکاتەوە کە پەیوەندیان بەهەموو رووخسارەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتیەوە هەیە . شان بەشانی ئەمەش هەموو ئەو لێکۆڵینەوەو باسانە ئەخاتە بەردەم کە خۆی هەڵی بژاردوون ، بە نیازی روون کردنەوەی ئەو رایانەی خراونەتە پێش چاو . نووسەر ئەوەشی لەیاد نەکردووە ، ئەو باسانە لەوانە بن نوێنەری کۆن و هەروەها نوێنەری نوێش بن . ئەمەش بۆ ئەوەی جۆرە پارسەنگێك دروست بکات و چاو لە را مێژوویەکەی زانستی کۆمەڵگا ناسین نەپۆشێت . لەبەر ئەمە کتێبەکە چل و حەوت باس و لێکۆڵینەوەی تێدایە ، هەموو باس و لێکۆڵینەوە بناغەییەکان و لقەکانیان دائەپۆشێت کە کتێبەکەیان پێك هێناوە ، ئەو کتێبەی بریتی یە لە شەش سەدو نەوەدوو حەوت پەرەو لە ساڵی ١٩٧٢ دا بلاوکراوەتەوە . ئێستەش بیروڕای هەرەگرنگ و بنەرەتی ئەخەینە بەرچاو .

یەکەم : پێشەکیەك دەربارەی چەمکە بنەرەتیەکان :

پێشەکی یەکە گرنگترین کێشەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەلایەتی ئەخاتە بەردەم باسی ئامانجەکانی زانستی کۆمەڵگا ناسین ئەکات وجۆری ، بەکارهێنانیان ، هەروەها لە شی‌کردنەوەی سوسیولوجی و ، لە رووی رادەکانی ئەم شی‌کردنەوەیە ئەدوێت ، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ئەو هۆیانەی دەرەوە کە کار ئەکەنە کۆمەڵەکان و بەیەکیانەوە ئەبەستێت . نووسەر پێش ئەوەی بچێتە هیچ جۆرێکی درێژە پی دان ، چەند کێشەیەك لە بەرگی پرسیار دا ئەخاتە بەردەم :

١ - ئامانجەکانی سەرەتای قوناغی دانشگایی چین ؟

٢ – سەربەستی ئەکادیمی چی یە ؟

٣ – ئایا ئەوانەی لە چوارچێوەی زانستە کۆمەلایەتیەکاندا ئیش دەکەن ، ئەتوانن دەورێکی گورجانەیان لە سیاسەتدا هەبێت ؟

٤ – ئەتوانن لە پێناوی گۆریندا ئیش بکەن ؟

٥ – زانستی کومەڵگا ناسین چۆن سوود بەخش ئەبێ بۆت ؟

باسەکە لەم چوارچێوەیەدا دەربارەی نیازو خواستی زانستی کۆمەڵگا ناسین و جۆری بەکارهێنانی ئەدوێت . هەروەها لە رۆلی ئەوانەی خەریکی ئەم زانستەن و جۆری پەیوەندیان لەگەڵ کۆمەڵگادا ئەدوێت !

زانینە زانستەکان کە لە شی کردنەوەی سوسیولوجی یەوە هاتوون ، ئەو تووانا و ئامێرانە بە قوتابی ، بگرە بە هاونیشتمانێکی سادە لە کۆمەڵگادا ئەدات ، تا لە رێیانەوە بتوانێت ، دۆخە بووەکانی کۆمەڵگا بچەسپێنێ یان دەستی گۆرینیان بەسەردا بهێنێ . ئەوی راستی بێت زانایانی کۆمەڵگا ناسین سەری خۆیان بە پێشاندان و شی‌کردنەوەی رووداوە کۆمەلایە تیەکانەوە کاڵ کردووە زیاتر لەوە گوێ بدەنە گۆرینی رووداوەکان . بەڵام زانستی کۆمەڵگا ناسین ، رووی کردۆتە جۆری ژیانی کۆمەلایەتی و درووست بوونی رووداوە کۆمەلایەتی یەکان بەمەش چوارچێوەیەك ئەدات بەو هێزانەی گۆرین دروست ئەکەن ، لێرەدا زانستی کۆمەڵگا ناسین لە توانایا هەیە هەموو ئەو هێزو توانایانە بخاتە روو کە سروشت و مرۆڤایەتی هەیەتی ، هەروەها

ئەوەش لە توانادا هەیە ، لایەنە سەرکەوتوو سەرنەکەوتووەکانی هەوڵە هەردوو لایەکانی مرۆڤیش دەربخات . ئەوەشی لە توانا دا هەیە هەستی پەیوەندی قوتابی لەگەڵ خەڵکانی تردا قووڵ بکاتەوە . کەچی سەرەرای ئەم سوودانەی باسمان کرد ، گفتوگۆ دەربارەی کێشەی ئاور دانەوەو گوێدان بە باری تیۆری‌و پراکتیکی زانستی کۆمەڵگا ناسین وەستانی بۆنی‌یە .

چوارچێوەی تیۆریی زانستی کۆمەڵگا ناسین :

باو وابوو بە جۆرێك سەیری زانستی کۆمەڵگا ناسین بکرێت بریتی بێ لەو زانستەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بکۆڵێتەوە بەڵام چەند زانستێکی کۆمەڵگا ناسینی تریش ئاور لە مرۆڤ‌و دیاردەکانی رەوشتی ئەدانەوە ، وەکو زانستی دەروون‌و زانستی ئابووری‌و ئەنثرۆپۆلۆمیاو زانستە سیاسی یەکان . کەواتە ئەو خاسیەتانە چین کە رای زانستی کومەڵگا ناسین‌و لێکۆڵینەوەکانی لەیەك جیا ئەکاتەوە . ئەبێ قوتابی چ سوودێك لە خوێندنی ئەم زانستە ببینێ . وەڵامی ئەم پرسیارانە بەستراوە بە سروشتی شی‌کردنەوەی زانستی‌ی هەموو لقێکی زانستەکانی کۆمەڵگا ناسین . لێرەدا نووسەر چوار شێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی‌ی دەست نیشان ئەکات‌و ناوی (رادەکانی شی‌ی کردنەوەیان) لێ ئەنێت . لەسەر ئەو بناغەیەی گوایە هەریەکێك لە مانە پیشەوکاری شی‌ی کردنەوەی رەوشتی مرۆڤە ، لەو سووچە تایبەتیەوە کە بەراستی دائەنێت . لەبەر ئەمە دەسەڵات نی‌یە ئەبێ لەیەك جیابکرێنەوە ، بۆ ئەوەی خاسیەتی چوارچێوەی تیۆریی زانستی کۆمەڵگا ناسین بناسرێت . ئەو رادانەش ئەمانەن : رادەی زگماکی ، دەروونی ، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری . شی‌ی کردنەوەی زگماکی بەجورێ سەیری مرۆڤ ئەکات وەك زندەوەرێکی ژیاوبێت . ئەمەش لایەنە ئەکادیمیەکان ئەگرێتەوە ، وەکو زانستی زندەوەرو پزیشکی . هەرچی رادەی دەروونی یە ئەوە سەیری مرۆڤ ئەکات وەك شەخسییەتێك بێت . ئەمەش زانستی دەروون‌و شی‌ی کردنەوەی دەروونی ئەگرێتەوە . رادەی کۆمەڵایەتیش بەو جۆرە سەیری مرۆڤ ئەکات وەك لایەکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بێت .

زانستی کۆمەڵگا ناسین لەم رایەیدا لەگەڵ زانستی‌یە سیاسی‌یەکان‌و ئەنثرۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی دا یەك ئەگرێتەوە . دووایش رادەی رۆشنبیری دێت کە چەند باسێك ئەگرێتەوە ، وەکو ، فەلسەفەو یاساو ئەدەب‌و زمان ، ئەمانەش هەموویان بەو جۆرە سەیری مرۆڤ ئەکەن وەکو هەڵگری بیرورای رۆشنبیری هاوبەش بێت . هەرچەندە بەسەرزاری ئەم رادانە لەوە ئەچن تێکەڵ بن بەڵام هەتا ئەمرۆ هەر یەکێك لەوانە خاوەنی ناوەرۆك‌و سنووری تایبەتی خۆیەتی .

کەواتە چۆن لە زانستی کۆمەڵگا ناسین بگەین‌و لە زانستە کۆمەڵایەتیەکانی تر جیای بکەینەوە ؟ بەلایەوە زانستی کومەڵگا ناسین ، بریتی‌یە لەو زانستەی پیشەی لێکۆڵینەوەی مرۆڤە لەسەر بناغەی دیارکردنی ئەو یاساو بنەرەتیانەی دەست بەسەر ژیانی کۆمەڵدا ئەگرن . کەواتە ئەو شتەی ئەم زانستە واتە زانستی کۆمەڵگا ناسین لەزانستە کۆمەڵایەتیەکانی تر جیا ئەکاتەوە ، ئەو بیرورا فراوان‌و گشتی‌یەیە کە هەیەتی . ئەم زانستە بەتەنیا سەیری ئەم جۆر یان ئەو جۆری رەوشتی مرۆڤایەتی ناکات ، بەڵکو بە چاوێکی فراوان‌و بە شێوەیەکی گشتی سەیری ژیان‌و کۆمەڵ ئەکات‌و لێیان ئەکۆڵێتەوە . بەم جۆرە کۆمەڵ ئەبێتە ئەو مەیان‌و پارچەیەی لێکۆڵینەوەی ئاراستە ئەکرێت ، ئەمەش لەبەر ئەوەی کیانێکی سەربەخۆیەو جیایە لە خاسیەتی ئەو ئەندامانەی پێکیان هێناوە ، جا خاسیەتی زگماکی بێت یان خوێی بێت .

کەواتە ، کۆمەڵەکان ئەو بەشانەن لە زانستی کۆمەڵگا ناسیندا کە شی‌ئەکرێتەوەو لێیان ئەکۆڵنەوە . کۆمەڵەکانیش بەمانە جیائەکرێتەوە :

- ئەو بەشانەن کە لە توانادا هەیە شی‌کردنەوەو لیکۆڵینەوەیان دەربارە بکرێ .

٢ - ئەو بەشانەن کە خاوەنی خاسیەتی کۆمەڵایەتی جیاوازن .

٣ - خاسیەتی ئەم بەشانە بە شێوەیەکی رێکخراو بە خاسیەتەکانی ترەوە بەستراوە .

٤ - خاسیەتی کۆمەڵ کار ئەکاتە سەر ئەندامەکانی ، کار ئەکاتە سەر بیروراو هەست‌و سەواو معامەلەی ناو خۆیاندا .

نووسەر لەرێی دوو لیکۆڵینەوەوە ئەم رایانە روون ئەکاتەوە . ئەم دوو لێکۆڵینەوەیە لەسەر بناغەیەکی تاقی‌کردنەوە بووە یەکێکیان لەرێی جۆری پەیوەندی‌و کارکردنە سەر کردەوەی کۆمەڵ بوو ئەوی ترشیان لە رێی شی‌کردنەوەی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی‌و کۆمەڵ بووە .

ئەگەر کۆمەڵ پارچەی شی‌کردنەوەی زانستی کومەڵگا ناسین بێت بە جورێك لەرێی باس‌کردن‌و شی‌کردنەوەی

خاسیەتی ئەو کەسانەی پێکیان هێناوە تێ ی بگەین ، کەواتە ئەبێ ئەوە لەیاد نەکەین کە کۆمەڵانو ڕێکخراوە کومەڵایەتیەکان لە بۆشاییدا کارناکەنو ناجوولێنەوە . ئەم ڕێکخراوانە هەموو بەیەکەوە لەیەك شوێنو لەیەك زەمانی دانراودان ، جگە لەمەش هۆی وەها کاریان تێ ئەکات کە پەیوەندییان بە خاسیەتی کۆمەڵو کەسانەوە نییە . گرنگترین ئەم هۆیانە سێیانن : دانیشتووان ، دەوروبەر ، تەکنەلۆجیا .

جا ئەگەر خاسیەتەکانی دانیشتووان گرنگییەکی تایبەتی هەبێت لە رووی کارکردنە سەر ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵەکان ، ئەوە دەوروبەریش دەستێکی باڵای لەو کارتێکردنەدا هەیە . بێگومان ئەو بیروراو تیوریە جوگرافیە کۆنانە وەکو جاران نەماونو زانایانی کۆمەڵگا ناسین ئاوریان لێ نادەنەوە .

لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئەوەی لە توانادایە دەست بەسەر دەوروبەرەکەی خۆیدا بگرێت . بەڵام ئەوەش لە دەسەڵاتدا نییە چاو لەهەموو ئەو کێشە نوێیانە بپۆشرێت کە ئەمڕۆ لەبەردەم کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا پەیدا بووە ، وەکو پیس بوونی بێوەستانی دەوروبەر ، لە هەوادا ، لە ئاودا ، لەسەر زەوریدا بە جۆرێك ئەو راستییە دەرئەخات کە دانیشتووانو کۆمەڵەکان پشتیان تەواو بە دەوروبەرەو چاویان لەوە بەڵام ئەمەش ڕێگای ئەوە ناگرێت لەوە بدوێن کە هەڵوێستی کۆمەڵان بەدەوروو بەرەوە تا رادەیەکی زۆر بە پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتو هەڵوێستی بەرامبەری وەستاوە .

واتە مرۆڤ دەست بەسەراگری سرووشتە یان بە پێچەوانەوە ژێردەستو کلکلێتی . ئەمەش لەبەراورد کردنی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان لەگەل کۆمەڵگاکانی تردا روون ئەبێتەوە . بەڵام ئەو دەست بەسەرا گرتنەی کومەڵگا رۆژ ئاواییەکان بەسەر سرووشتدا هەمووی راستو باش نییە . چونکە بووە هۆی تێك دانو وێرانکردنی سرووشت بە جۆرێك وای کرد ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی وا پەیدا ببێت داوای ئەوە بکات مرۆڤ رەوشتی خۆی بەرامبەر بە سروشتو بەرهەمە سرووشتییەکان بگۆرێت .

ئەوە ماوە باسی هۆی سێهەمیان واتە تەکنەلوجیا بکەین ، کە گرنگییەکی تایبەتی لە کۆمەڵگا پیشەسازییە خوێ یەکاندا هەیەو بووەتە هۆیەکی سەرەکی گەورە لە گورانە کۆمەڵایەتییەکانو ئەو جۆری ژیانەی لێوەی پەیدا ئەبێت .

نووسینە یەکەمەکانی کارل‌مارکس پەیوەندی نێوان جۆری تەکنەلۆجیاو ناوەرۆکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە پیشەسازیدا دەرئەبرێت ، بەڤۆەی ئەم تەکنەلوجیا نوێیە بووەتە هۆی زیان بۆ کرێکاران .

یەکێکیش لە لێکولینەوە نوێیەکان بەجۆرێك لەم دیاردەنە ژیان بەخشە ئەدوێت گوایە ئەو ژیانە بۆ هەموو کارێك وەکو یەك نییە . بەڵام گومان لەوەدا نییە تەکنەلۆجیای نوێ یەکێکە لە کارەساتە گەورەکانی کۆمەڵگای مرۆڤی هاوچەرخ .

دووهەم : وێنەی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا .

پێشەکییە گشتییەکە باسی چەمکە بنەرەتیەکانو دەوری زانایانی کۆمەڵگا ناسینو ئەو چوارچێوەیەی کۆمەڵەکانو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان کاری تیا ئەکەن ئەکات . دووایی کتێبەکە دێتە سەر لێکۆڵینەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا . ئەمەش لەرێی سێ دیاردەی بنەرەتیەوە دێتەدی کە مرۆڤ بەشداریان ئەکاتو کاری تێ ئەکەن . ئەم دیاردانەش بریتین لە : رۆشنبیریو کارلێكو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی .

رۆشنبیری :

لەبەر ئەوەی تەکنەلۆجیا یەکێکە لەو هۆ بنەرەتیانەی گۆرینو وکارتێکەری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ، لەبەر ئەمە بەشێکە لە دیاردەیەکی فراوان تر ، واتە رۆشنبیری . هەرچەند رۆشنبیری بەدەیەها جۆرە شێوە باس‌کراوەو ناو براوە ، بەڵام گرنگترین روخسارو شێوەی بریتییە لەوەی : دیاردەیەکە پەیوەندی بە هەموو کەسێکەوە هەیە . ئەمەش لەبەر ئەوەی شتێکە خەڵکی لە کۆمەڵگا دا دەستی دەخات . دەستی ئەخات لەبەر ئەوەی ئەندامی ئەم یان ئەو کۆمەڵگایە .

رۆشنبیری لەسەر بناغەیەکی بایەلۆجی مرۆڤ دەست ئەخرێت . فیردکیش رادەی بۆ نییە . بەڵام مرۆڤ سەرشۆرێکی تەواوی سریشتەکانی نییە . هەر لەبەر ئەمەش ئەم وێنە جیاوازانە لە ژیانی مرۆڤدا بەدی ئەکرێت . نموونەش بۆ ئەمە ، هەڵوێستی کۆمەڵگا مرۆڤییەکان بەرامبەر بە ژن خواستن . ئەوەیە هەندیکیان دان بە هێنانی چەند ژنێکدا ئەنێ ، هی‌تریشیان هەیە دان تەنیا بەهێنانی یەك ژن ئەنێ . بگرە خواستنی خزمان لەهەموو کۆمەڵگایەکدا وەکو یەك نییە . ئەمەش بووە هۆیپەیدا بوونی دیاردەی نیسبی رۆشنبیری واتە

هۆی جیاوازی نێوان جۆرەکانی رۆشنبیری ئەگەڕێتەوە سەر سروشتی نەرمی مرۆڤ . کەواتە بۆچی زانایانی کۆمەڵگا ناسین بەم جۆرە روو ئەکەنە رۆشنبیری ؟ وەلامی ئەمە پەیوەندی بەو شیکردنەوە رۆشنبیریەوە هەیە کە لەوەو پێش باسمان کرد . راستە رۆشنبیری لەگەڵ کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا پێ ئەگات ، بەلام دووایی لە ئەندامانو بەشدارانی ئەو کۆمەڵە جیا ئەبێتەوە ، بگرە هەتا لە کۆمەڵەکە خۆشی جیا ئەبێتەوەو سەربەخۆیی تایبەتی خۆی ئەهێنێتە دی . خۆکە لەگەڵ رادەی کۆمەلایەتیدا تیکەلاو دەبێت ئەوسا ئەبێتە – واتە رۆشنبیری – کارێکی دینامیکی و کار ئەکاتە سەر ئەندامانی کۆمەڵو کردەوەکانیان . لەبەر ئەمە رێکخراوە کۆمەلایەتیەکان ناتوانن بەبێ رۆشنبیری پێ بگەنو پەروبسێنن . لە رێی سێ ووتارەوە ئەم بیرو رایانە روونکراونەتەوە . یەکێکیان لە نیسبەتی رۆشنبیری ئەدوێت ، ئەوی تریان دەربارەی زندووکردنەوەی رۆشنبیریە لە گەرەکەکانی قولەرەشەکانی واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکایە ، سێهەمیشیان لێکۆڵینەوەی یەکێك لە زاناکانی زانستی کۆمەڵگا ناسینە دەربارەی یەکێك یەکێك لە هێلە سەرەتاییەکانی ژووروی ئەمەریکایە .

کارلێك :

ئەگەر رۆشنبیری بریتی بێت لەو چاوەروانیە گشتیانەو قیمە بلاوامەی ناو کۆمەلان ، ئەوە کارلێك بریتیە لە هەلبژاردنی کەسانو رەوشتیانو ئەو کارانەی ئەیکەن . کارلێك ، ئەو کارە دەست نیشان ئەکات چۆن کەسان کار ئەکەنە یەکتری . کارێکە ، کەسان لەرێیەوە رەوشتی خۆیان بەرەوللا ناکەنو ئەوەش لەیاد ناکەن کاری خەلکی ترو بیروراپانو نیازو ئامانجیان پشت گوێ بخەن . کارلێکی کۆمەلایەتی یەك جار روو ئەدات و ئیتر لەو رادەیەدا ئەوەستێت . بەلام بە جۆرێکی بێناوبری دووبارە ئەبێتەوە ئەمەش ئەبێتە هۆی پەیدابوونی پەیوەندیەکی کۆمەلایەتی . چونکە زۆر جار پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان کارلێکی تێدایە . بەم جۆرە کارلێك ئەبێتە بنچینەی پەیوەندی .

جا لەبەر ئەوەی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان شتێکی پێویستن بۆ پەرەسەندنی رێکخستنی کۆمەلایەتیو لەبەر ئەوەی کارلێکی کۆمەلایەتی کەمو زۆر کارێکی نەوەستاوە ، واتە مادام پەیوەندی کۆمەلایەتی کۆمەلەکان هەن ئەویش هەیە ، ئەوسا خۆمان لەئاست ئەو دیاردەیەدا ئەبینین چۆن کارلێكو پەیوەندیو رێکخستنو کارکردنە سەریەك ئالو گۆر ئەبێت . کاتێك ناوەرۆکی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان (ئالو گۆری کار لەیەك کردن) تێکەل بە مانا رۆشنبیریەکان ئەبێت ، ئەوسا رێکخستنی کۆمەلایەتی خۆی دەر ئەخات . کۆمەڵ یان رێکخستنی کۆمەلایەکی بە رادەی هاریکاری نێوان ئەندامەکان لە پەیوەندی جیائەکرێتەوە ، هەروەها لەرێی هەستی ئەندامێتی لای ئەو ئەندامانەو رادەی توانایان لە پاراستنی کۆمەلدا دژی دەورووبەری دەرەوە . نووسەر لەرێی سێ ووتارەوە هەولی داوە ئەم بیروراپانە روون بکاتەوە ئەم ووتارانەش دەربارەی کارلێکن لە هەلویستی جیاوازدا وەکو چۆن پارێزەرێك لەگەڵ یەکێك لە مەعمیلەکانیدا ئەدوێ . یان کۆبوونەوەیەك لە نێوان شیکەرەوەیەکی دەروونیو مەعمیلەکەی . هەروەها وێنەیەکی تایبەتی پەیوەندیو کارلێك لە نێوان کچێك نەخۆشی شیزوفرینای هەبێتو بنەمالەکەیو پزیشکە چاك کەرەوەکەو لە نێوان ئەوو نەخۆشانی تردا ، ئەمانە هەموویان لە ماوەی سێ سالی پر لە ئەرکدا لە یەکێك لە خەستەخانەکانی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دووایی نووسەر لە یەکێك لە ووتارەکانیدا وێنەیەك لە پەیوەندیە هەرە ئالۆزاوەکانی ژیانمان (واتە خۆشەویستی) پیشان ئەدات .

پێگەیاندن :

ئەگەر رۆشنبیری چوارچێوەی گشتی فێربوونو کارلێك پێك بهێنێ ، ئەوە کرداری فێربوون خۆی لە خۆیا بیرواری کۆمەڵ فێر ئەکات . بەپێی ئەمەش تاك ئەبێتە ئەندامی کۆمەڵ . ئەم کردارەش ناوی پێگەیاندنی لێ ئەنرێت .

کەواتە پێگەیاندن بریتیە لەوەی ئەندامە نوێیەکە فێری بنکەکانی رۆشنبیری بکرێت ، ئەو کردارەی لەرێیەوە چاوەروانیەکانی کۆمەڵ ئەگاتە تاکەکان .

ئەمەش لەرێی زمانەوە بەووتن یان بە نووسین دێتەدی . نەك هەر ئەمە بگرە لەرێی جوولانەوەشەوە دێتەدی . واتە پێگەیاندن ئەوە ئەهێنێتە دی ، زندەوەری ژیاو رادەی زکماکی خۆی بگۆرێتو بیکاتە شەخسیەتێك . شەخسیەتەکەش بکاتە یەکێکی کۆمەڵ خواز ، (کۆمەلی) . ئەو تاکەی ئەتوانێ رەوشتی خۆی بە جۆرێك بەکاربهێنێ لەگەڵ چاوەروانیەکانی خۆیو خەلکی تریشدا بلکێت .

لەلای کۆمەلگاشەوە پێگەیاندن ئەبێتە ئەو کارلێکەی لەرێیەوە رۆشنبیری کۆمەلگا ئەگاتە تاکە نوێیەکان بەو نیازەی ئەو شێوازە تێبگەن کە کومەڵگا دانی پیاناوە. ئەمەش بەلای تاکەوە ئەو رێگایەیە شەخسیەتی خۆی تیا پێئەگەینێ. ئەمەش ئەبێتە هۆیپێگەیاندنی داوەرەکانو پێوانەکانو تواناو خواستەکانی، ئەمانەی هەموو بەیەکەوە شەخسیەت دروست ئەکەن.

بەلأم پێگەیاندن ئەوە ناگەیینێ تاك کوێرانە سەر بۆ فەرمانەکانی کۆمەڵو شێوازی ژیانی کۆمەڵی شۆر بکات. بیرورای کۆنی لە باو بەرامبەر پێگەیشتنو دەوری گورجو داهێنەری منالۆ هەرزەکارانی ئەخستە پشتگوێ. ئەوی راستی بێت شت زانینی نوێ، کاریکە بەدرێژایی لەگەڵ مرۆڤدا ئەروات. ئەوەیە هەر ئەوەندەی یەکێك لە گەرەکێکەوە ئەچێت بۆ گەرەکێکی‌تر. یان پیشەو کارەکەی ئەگورێت ئەچێتە قۆناخێکی نوێوەو خۆی لە ئاست رووداوی نوێو جیاوازدا ئەبینێ، ئەمانە لە کاتی ژن خواستنیشدا روو ئەدات، ئەمەش جارێکی تر لەرێی تووانەوەو تێگەیشتنەوە دووبارە ئەبێتەوە کاتێك نرخەکانو حوکمەکانی کۆمەڵ وەرئەگرێت بێئەوەی هێزێکی دەرەوە دەستی تێبخات. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە تواونەوەی تاك تەنیا لەسەر هەزم کردنی رۆشنبیریو پێوانەکان وەستاوە. چونکە رادەی تێگەیشتنی منالۆ یان هەرزەکار لەسەر رادەی زیرەکێتی وەستاوە. ئاشکرایە زیرەکی دیاردەیەکی وەستاو نییە بەڵکو بەپێی تەمەنو تاقیکردنەوەی ژیان ئەگورێت. هەرچۆنێك بێت پێگەیاندن کارێکی گرنگە بۆ ئەوەی وا لە تاك بکات لەگەڵ خەڵکی تردا بگونجێ ولەرێی خەڵکی ترەوە سەیری خۆی بکات. جگە لەمەش پێگەیاندن دەستێکی بالأی لە مەیانی ریکخستنو ئیش بەریوەبردندا لەناو پارچە کومەلایەتیەکاندا هەیە، ئەوەش لە رێی دابەش‌کردنی چەقەکانو رۆلە کۆمەلأیەتیەکان لە نێوان ئەندامەکاندا. چونکە رەوشت لە هەموو پارچەیەکی کۆمەلأیەتیدا لەسەر ئەو چەقو پلەیە وەستاوە هەر کەسێگ لە کۆمەلأ هەیەتی. لەبەر ئەوە نابێ چاوەروانی ئەوەبین رەوشتی هەمووان وەکو یەگ بێت. چونکە هەموو چەقێگ مافو ئیلیتزاماتەکان بۆ ئەو کەسە دەست‌نیشان ئەکات. لەبەر ئەمەش هەموو کەسێگ بەو جۆرە ئەجوولێنەوە کە چەقەکەی لە رێکخستنی کومەلأیەتیدا بۆی داناوە. دووایی لێکۆلینەوەی پێگەیاندنو زات بەم خەمڵ لێدانانە کۆتایی دێت:

لە بەدەنگ چووین

١ – وێنەی زات خەڵکی ترەوە دێت.
٢ – چەند بنکەیەکی رێکخەری رەوشتی خەڵکی لەهەمە جۆر دەوردا، دەست بەسەر خەڵکیدا ئەگرن لە لە بەدەنگ چوون بەدەم زاتەوە.
٣ – زات دەوریهەیە، ئەو دەورانە ئەدات بەخەڵکی کاتێگ زات دێتەدی کە خەڵکی بە دەنگییەوە بچن.
٤ – پێگەیاندن هاندان دروست ئەکات بۆ ئەوەی هەموو دەورێگ رەوشتێکی خۆی هەبێت.

نووسەر ئاوری لە پێگەیاندنی ئافرەت داوەتەوە، بەتایبەتی لە کومەڵگای وولأتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. چونکە هەستی بەوەکردووە کە زۆر شوێنو لایەنی ژیان بەیەکسانی سەیری مافی ئافرەتان ناکەن ئەمەش بەلای ئەوەوە پێویستی بە تێگەیشتنو لێکولینەوە هەیە، چونکە سەربەستیو سەرفرازی ئافرەت سەربەستی نێرانو مێیان وەکو یەگ بەهێز ئەکات.

سیهەم: جۆرەکانی رێکخستنی کۆمەلأیەتی:

باسەکەی پێشو لەو شوێنو رێگایانە دووا چۆن پێگەیشتن لەرێی کارلێکەوە ئەتوانێت بابەتە رۆشنبیرییەکانی کومەڵ بەهێز بکاتو گەشەیان پێبکات لەبەر ئەمە پێویستە لەم بابەتانە بدوێن لەبەر ئەوەی ژیانی رێکخراوی کۆمەڵی مرۆڤایەتی لەهەموو شوێنێکدا هەیە، پیویستە بیری رێکخستنی کۆمەلأیەتیش بخرێتە بەردەم واتە چییەو شیوەکانی چین؟ نووسەر رێکخستنی کۆمەلأیەتی بەوە پێناس ئەکات، کەئەو دیاردەیە دەست نیشان ئەکات کە ئەتوانێ خەڵکیو ئەو دەورو بەرەی تیا ئەژین لەگەڵ یەکدا بگونجێنێ بەوەی یارمەتیان ئەدات ئەو هەولەیان یەگ بخات کە دانراوە بۆ هێنانەدی نیازێکی هەردوولایی. لەبەر ئەمەش رێکخستنی کۆمەلأیەتی بەلای خەڵکییەوە لەیەك قەواردا نییە، بەڵکو قەوارەکانی جیاوازنو، قەوارەی هەیە هی دەستەیەکی بچووکە قەوارەش هەیە هی کۆمەڵگایەکی گەورەیە. کەواتە لەهەر شونێگ جموجۆلێکی کۆمەڵی هەبێت، رێکخستنی کۆمەلأیەتیش هەیە. لەهەر شونێگ خەڵکی هەبێت پەیوەندیان بەیەکەوە بێتو لەسەر کارێك لەناو خۆیانا پێش‌برکێ بکەن، رێکخستنی کۆمەلأیەتی هەیە. رێکخستنی

کۆمەڵایەتی لە هەموو شێوەکانی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ کراوو هەموو ئەو لەیەک جۆشانەی تاکەکان بە کۆمەڵەوە ئەبەستن‌و ڕێگا پاک ئەکەنەوە بگەنە ئامانجە تەنیایی‌و کومەڵایەتی‌یەکاندا هەیەو بەدی ئەکرێت .

لەبەر ئەوەی کۆمەڵەکان لەیەک ناکەن‌و جیاوازن ، بە تایبەتی لە ڕادەی توانای مانەوەو بەردەوام بووندا ، لەبەر ئەمە دەسەڵات نی‌یەو ئەبێ ئەو پرسیارە بکرێت . ئەو پێوانانە چین کە لەتوانادا بێت بۆ نرخاندنی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکان بەکاربێن ؟ ئەمەش گرنگی‌یەکی تایبەتی هەیە . چونکە بەلای نووسەرەوەوە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکان شان بەشانی هۆیە کەسانی‌یەکان ژیانێکیان هەیە لە ژیانی ئەو کەسانە تێ‌ئەپەڕێت کە درووستیان کردوون بۆ پێگەیشتنی هەموو ڕێکخراوێک‌و ژیان‌و مانەوەی‌و بەردەوامی لیرەشدا نووسەر دەست بۆ ئەوە درێژ ئەکات کە بۆ نەگبەتی زانینمان دەربارە ئەو هۆیانەی بەشداری سەرکەوتنی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکان یان سەرنەکەوتنیان ئەکەن زۆر کەمە . چونکە ئەو لێکۆڵینەوانەی خۆیان لەم باسە داوە خۆیان زۆر کەمن . بەڵام ئەمە ئەو ڕاستی‌یە ناشارێتەوە کە پارچە کۆمەڵایەتیەکان ئەو مقەوماتە پیویستیانەیان بۆ ژیان‌و مانەوە هەیە . ئەوەیە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی‌یەکان بۆ یان هەیە سەرکەوتن بهێننە دی ، لەوەشدایە سەرنەکەون .

بگرە لەناو خۆشیانا ئەچن بەگژ بەیەکدا . بەڵام حوکم دان بەسەر کۆمەڵێکی ڕێکخراودا بەوەی بەردەوام ئەبێت ، یان کۆتایی دێت ، یان بەسەر هی‌تردا سەر ئەکەوێت یان بەپێچەوانەوە ئەبێتە ژێردەستەی کومەڵێکی تر ، ئەمانە یەکێکن لە کێشە بیری‌یەکان کە بەرای نووسەر لەبەر ڕۆشنایی سێ پێوانەدا ئەتوانین لێ‌یان بگەین . ئەو پێوانانەش ئەمانەن : دامەزراندن ، گورج‌وگۆڵی ، پێکەڵی . جا لەرێی بەکارهێنانی ئەم سێ پێوانەیەوە لە توانادایە هەموو ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی ، لەبنەماڵەوە بگرە هەتا کۆمەڵگا ، بنرخێنین .

نیازی لە دامەزراندن ئەوەیە ، تاچ ڕادەیەک ڕێکخستن ئەو هێزو کێشەیەی هەیە یارمەتی بدات بمێنێتەوەو لە زەماندا بەردەوام بێت . هەرچی گورج‌و گۆڵی‌یە ، ئەوە بریتی‌یە لە توانای ڕێکخستن چۆن ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی یان ئامانجی ئەو بەشانە ئەهێنێتە دی کە لی‌یان پێک‌هاتووە ؟ هەرچی پێکەڵی‌یە ئەوە بریتی‌یە لە هاوریز کردنێکی باش لە نێوان ئەو بەشانەی ڕێکخستنیان پێک‌هێناوەو ئەو یەکگرتن‌و هاریکاری‌یەی لە ئەنجامی ئەمەدا لەناو بەشەکاندا پەیدا ئەبێت .

دەستداری بۆ کۆمەڵ :

دیارترین خاسیەتی کۆمەڵە ڕێکخراوەکان ئەو جۆرە دەستدرایی‌یانەیە کە کەسان بەیەکەوە و دووایی بەکۆمەڵەوە ئەیابنە ستێت . دەستدایی بۆ کۆمەڵ لەسەر ڕادەی ڕاکێشانی کۆمەڵ‌و پتەوی نێوان بەشەکانی وەستاوە ، کەمەن‌کێش کۆمەڵ لەسەر زۆر شت وەستاوە لەوانە ئامانج‌و ڕادەی قەوارەی‌و شوێنی لە کۆمەڵگادا . هەرچی پتەوی‌یە ئەوە بریتی‌یە لەو جۆری پەیوەندیانەی وا ئەکات کەسان لە کۆمەڵدا بمێننەوە ، دووای ئەوەی ڕائەکێشرێنە تاوی‌یەوە . پتەوی لەسەر جۆری ڕاکێشانی ئەو ڕێگایانە ئەوەستێ کە کۆمەڵ بۆ کەسەکانی بەکاریان ئەهێنێ . هەروەها لەسەر جوری هاوریز کردنی نێوان هەوڵدانی ئەو ئەندامانە ئەوەستێ . ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیە بەیەکەوە چەسپاوەکان ئەوانەن ئەندامەکانیان بەیەکەوە هەوڵ ئەدەن ئامانجەکانی کۆمەڵ بهێننە دی‌وبەر پەرسیاری خۆیان لەگورج‌و گۆڵی کۆمەڵدا ئەخەنە ئەستۆ . ئەم کۆمەڵانە هەر بەوەوە ناوەستن کەسەکانیان فێری دەستدایی‌و سەرشۆری بۆ بنەرەتیەکانی بکات ، بەڵکو لەرێی ئاهەنگ‌و نەریت‌و پەیرەوە جیاوازەکانەوە ئەو پەیوەندیانە توندو چەسپاو بکات کە بەیەکیانەوە ئەبەستێت . بەڵام چەند کۆمەڵێک ناتوانێ نیازو خواستی ئەندامەکانی بهێنێتەدی ، لەبەر ئەوە ڕوو ئەکەنە کۆمەڵانی تر هەتا ببنە ئەندامی . ئەمەش ژمارەیەکی زۆری دەستدایی پەیدا ئەکات‌و ئەبێتە هوی پەیدابوونی کێشەو گیروگرفت بۆ ڕێکخستن یان بۆ پەیدابوونیان لەناو ڕێکخستنەکە دا . ئیتر ئەوە ماوە بڵێین کە لەوانەیە کۆمەڵ زۆران بازی لەناو بەشەکانیدا بەدی‌بکات . ئەم زوران بازی‌یەش دژواری پتەوی‌یە ، بەڵام مەرج نی‌یە وەهاش بێت . چونکە ڕوو ئەدات زورانبازی کومەڵ زیاتر یەک ئەخات‌و بەیەکەوەی ئەبەستێ .

ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی :

نووسەر خاسیەتە بنەرەتیەکانی کۆمەڵە ڕێکخراوەکان ئەخاتە بەردەم ، وای دائەنێ‌و بۆی ئەچێ کە ئاڵووگۆڕی لە نێوان ئەو بەشانەی کۆمەڵیان پێک هێناوە ، یاخود لە نێوان کۆمەڵگاکاندا گرنگی‌یەکی گەورەی هەیە ، بەرادەیەک لە گرنگێتی دەستدایی بۆ کۆمەڵ کەمتر نی‌یە ، جا ئەگەر ئەندامەکان لەرێی

دەستداییەوە بەیەکەوە ئەبەسترێن ، ئەوە بابەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی یارمەتی ئەوە ئەدات کەم‌و زۆر ئەو دەستداییە بێتە دی . ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێ تا چرادەیەک ئەم بابەتانە بەیەکەوە لکاون بە نیازی یارمەتی‌دانی کۆمەڵەوە .

ئاڵوگۆر لەسەر بناغەیەکی پتەوی پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتیەکان وەستاوە ، کە بریتی‌یە لە پێویستی هەمیشەیی تاک بۆ خەڵکانی تر بەنیازی تێرکردنی پێویستی‌یەکانی ، ئاڵوگۆر ئەبێتە هوی ئاسان کردنی پەیوەندی نێوان خەڵکان بۆ تێرکردنی پێویستی‌یەکانیان . بەم جۆرە ئاڵوگۆر ئەبێتە هۆی هاتوچۆی کەل‌و پەل‌و ئیش وهەست بیروباوەر لە نێوان پارچە کۆمەڵایەتیەکان‌و لە نێوان ئەندامەکانی ئەم پارچانەدا . لە هەمان کاتیشدا ئاڵوگۆر ئەبێتە هوی دابەش کردنی کار کە بەردی بناغەی راستەقینەی هەموو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانە . هەر لەبەر ئەمەش کاریەکێکە لە خاسیەتەکانی کۆمەڵ ، پەیوەندی لە نێوان ئەوو دابەش‌کردنی کاردا پەیدا ئەبێت . ناوەڕۆکی دابەش‌کردنی کار باس هەمەجۆری ئەو دەورو پایانە ئەکات کە کەسان لە کۆمەڵدا هەیانە . ئەم هەمە جۆری‌یە لە کۆمەڵگا سادەکاندا لەسەر بناغەی تەمەن یان نێرو مێی‌و هێزو توانای لەش وەستاوە . ئەوی راستی‌بێت جیاکردنەوەی دەورو پایە لەسەر بناغەی تەمەن‌و نێرو مێی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە ، واتە لە کۆمەڵگایەکی سادەوە بگرە تا کۆمەڵگایەکی تێکەڵاو . بەڵام بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بگاتە پلەیەکی بەرزی هەمە جۆری وەزیفی ، پێویستی بە پێگەیشتنی تەکنەلوجیا هەیە ، لەگەڵ رژێمێکی ئابووری وەهادا بتوانێت کەل‌و بەلێکی زور بۆ ژیانی پسپورەکان بەرهەم‌بهێنێ .

بەم جورە تەکنەلوجیای پێگەیشتوو ئەتوانێ بەرهەمێکی زیاد بدات تا کۆمەڵگا بتوانێ پسپۆرەکانی مەیانی کۆمەڵایەتی‌و ئایینی‌و رۆشنبیری بژێنێ . ئەوانەی بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری بەرهەم‌هێنان ئەکەن .

جلەوگرتنی کۆمەڵایەتی :

ئەوی راستی بێت رێکخستنی کۆمەڵایەتی لە بنەرەتدا لە یەکگرتنی سێ بابەتەوە دروست‌بووە ، واتە : دەستدایی ، ئاڵوگۆر ، جلەوگرتنی کۆمەڵایەتی ، بەم جۆرە جلەوگرتنی کۆمەڵایەتی ئەبێتە بابەتی سیهەم ، ئەو بابەتەی لەرێی بنکە فەرمانیەکانیەوە ئەتوانێ کاربکاتە سەر کەسان ، ئەو بنکانەی توانا و مافی سزا دانی هەیە . راستی‌یەکەی ئەوەیە هێز لەهەموو پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتیەکانداو سزاش لەهەموو دەورە کۆمەڵایەتیەکاندا هەن . بەم جۆرە هێز ئەبێتە دیاردەیەکی مەقبول بگرە ئەبێتە دیاردەیەکی مەشروعیش . لەبەر ئەمە بوونی ئامێرەکانی جلەوگرتنی کۆمەڵایەتی وەکو هێزی چولیس ، رووخسارێکە بۆ ئەوەی لەم کۆمەڵگا مرۆڤی‌یە نوێ یەدا شەرعیەت بدات بە هێز . بەڵام هەمووان بەیەک جۆرو بەیەک چاو سەیری بنکە فەرمانیەکان ناکەن کە لغاوی رەوشتی خەڵکی ئەکات . ئەگەر هاتوو ئەم بنکانە بلاوبوونەوەو خەڵکی دانیان پیامانا ، بە جۆریك بیبێتە بەشێك لە بوونی کەسان ، ئەوە ئەبێتە ئەو شتەی نووسەر ناوی (رژێمی پێوانە)ی لێ ئەنێ ، .

ئەم رژێمە ئەو بنکەو یاساو حوکمانە کۆنەکاتەوە کەرێ پیشانی رەوشتی ئەو کەسانە ئەدات کە چەند پایەیەکی جیاوازیان هەیەوەدەوری جیاواز لەناو کۆمەڵدا ئەبینن .

چوارەم : باکگراوندی « پاشەڵی » کۆمەڵگای هاوچەرخ :

ئەگەر سێ بەشی یەکەمی کتیبەکە بە زۆری بۆ ئەوە تەرخان کرابێت لەو چەمکە سەرەکیانە بدوێت کە زانایانی کۆمەڵگا ناسین بۆ لێکۆڵینەوە وشی کردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو هەموو ئەو بابەتانەی تیایەتی وهەموو ئەو کردارانەی تیایا روو ئەدات ، دانابێت ، بێ ئەوەی چاو ببر نەچەرخێکی مێژوویی دەست‌نیشان‌کراو ، ئەوە بەشی دوایی کتیبەکە کەبەباک‌گراوندی کومەڵگای هاوچەرخ ئەودوێت هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی گشتی باک‌گراوندی مێژوویی کومەڵگای نوێ بدرێت بە قوتابیان ، لەسەر یئەو بناغەیەی گوایە ناسینی کۆمەڵگای کۆنەکان‌و هەموو ئەو گورینانەی بە سەریانا هاتووە ، بۆ قوولّ بوونەوەو تێگەیشتنی ژیانی هاوچەرخ‌و مرۆڤی نوێ پیویستە . لە سەرەتادا بەوە دەست پێ‌ئەکات ، رێبازە سەرەکی‌یەکانی شی‌کردنەوەی ئەو گۆڕینانە ئەخاتە بەردەم کە بەسەر کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا هاتووە دووای ئەوە دێنە سەر وەسفی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی زنجیرەیەك لە شێوە کۆمەڵایەتیەکان کە گورنییان بەسەردا هاتووە ، ئەوەش بەم جۆرەیە : کۆمەڵگا میللی‌یەکان ، دەرەبەگی ، پێش پیشەسازی ، شارستانی کشتوکاڵی . لێرەدا نووسەر بە کورتی باسی تیوریەکەی سیرهنزی مین (١٨٥٤) ئەکات کە دەربارەی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە لەسەر پایە یان شوێن بەرزی دامەزراون‌و دووایی پیشکەوتوون‌و بوونەتە کۆمەڵگایەك لەسەر رێك‌کەوتن دامەزرابێت ، هەروەها تیوریای فەردیناند تونیس (١٨٨٧) کە دەربارەی ئەو کۆمەڵگایانە ئەدوێت لەسەر پەیوەندی خزمایەتی‌و

پەرژەوەندی گشتی دامەزراون‌و دووایی ئەبنە کۆمەڵگایەک لەسەر پەیوەندی نێوان بازارو پەرژەوەندی خۆیی دامەزرابێت . هەروەها تیوریای دورکیم دەربارەی هاریکاری ئامێری‌و هاریکاری زگماکی‌و تیوریای شارلکولی دەربارەی پەیوەندی‌یە سەرەتاییەکان . هەموو ئەم تیوریانە لە بیروارایەکی سەرەکی ئەدوێن ئەوەش ئەوەیە کە کۆمەڵگا لە شێوەیەکەوە ئەگۆرێت بۆ شێوەیەکی تر ، وئەوەش ئەخاتە بەردەم کە تا چ رادەیەک زانایان ئاوریان لەم کێشەیە داوەتەوە وبەلایانەوە گرنگ بووە . جا بۆ تێگەیشتنی هەموو لایەکی ئەم گۆرینە پێویستە لیکۆڵینەوەیەکی بەشی کۆمەڵگای پێش پیشەسازی‌و خاسیەتەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی لەناویدا بەم جۆرەی باسی ئەکەین بکرێت :

رێکخستنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای میللی :

رێکخستنی کومەڵایەتی لەم کۆمەڵگایەدا تارادەیەکی زۆر بەرز پتەوو یەکگرتوو خاوەن دەستداییە . ئەمەش بەهۆی هاورێکی ئەندامەکانی‌یەوەیە . جگە لەمەش باوو نەریتی هاوبەشی‌و پەیوەندی خزمایەتی ئەبێتە هۆی هێنانەدی پلەیەکی بەرزی جلەوگرتنی کۆمەڵایەتی .

ئەمە لەکاتێکدا هیچ جۆرە ئامێرێکی‌میری‌و هیچ جۆرە شێوەیەکی دیموکراتی سەرەتایی تیا بەدی ناکرێت ، هەموو کەسێك لەم کۆمەڵدا بە چاوێکی بەرێزە سەیری باوو نەریتەکان ئەکەن ، کە دەورێکی بالایان لە ژیانی خەڵکیدا هەیە . روبرت ردفیلدی ئەنثروپولوجی ووتارێکی نووسیوە وێنەیەکی نموونەیی دەربارەی ئەم کۆمەڵگایە پیشان داوە . (ووتارەکە لە شوێنێکی‌تری ئەم کتیبەدایە) . هەر چەندە رەخنەیەکی زۆر لەم کتیبە گیرا بەلام توانیویتی گرنگ‌ترین خاسیەتەکانی کومەڵگا سەرەتاییەکان پیشان بداتو ، کە خۆی لە خۆیا جۆرە یارمەتیەکە بۆ تێگەیشتنی کومەڵگا تێکەلاوەکان .

شار پێش پیشەسازی :

بەرای ردفیلد شارستانێتی دەورێکی هەرە گرنگی هەبوو بۆ ئەو گۆرینەی بەسەر کومەڵگای میللی دا هات . بەلام جریون سوبرج لەو ووتارەیدا کە بە ناوی (شاری ، پێش پیشەسازی) دژی ئەم رایە ئەوەستێت . بەرای ئەم سەرتای ژیانی شارستانێتی خاوەنی خاسیەتی باوی بوو ، ئەمەش وای کرد پیشەوازی‌و نەك شارستانێتی بێتە هۆی گەورەی ئەم گۆرینە . ئەوی راستی بێت ئێمە ناتوانین پیشەوازی‌و شارستانێتی لەیەك جیا بکەینەوە . لەبەر ئەوەی کارو کردەوەی هەر دووکیان بە زۆری بەیەکەوەن ، چونکە ئەبینین چۆن کۆمەڵگا پیشەسازی‌یەکان لە هەمانکاتدا کۆمەڵگای شارستانیشن .

پلەی پیشەوازی هەرچەند پەرەبسێنێ ، ئەوەندەش رەنگ ئەداتەوە سەر دیاردەی شارستانێتی لە کۆمەڵدا .

کۆمەڵگای شارستانێتی کشتوکاڵی :

شارەکانی پێش پیشەسازی ، ئەگەرچی بە گوند دەوردرابوون و وەکو ردفیلد ئەڵێ لە کومەڵگای میلی‌یەوە نزیك بوو بەلام لەزۆر رووشەوە لێی جیا بوو ، بەهۆی ئەو پەیوەندی‌یە بازرگانیانەی لەنێوان‌ئەوان‌و شارەکاندا پەیدا بووبوون . ئەم پەیوەندیانە بوونە سەرچاوەی گۆرینێکی بێوەستان ، ئەمەش بووە هۆی پەیدا بوونی شێوەیەکی کومەلایەتی نوێ ، واتە کومەڵگای شارستانیتی کشتوکاڵی . لیرەشەوە بە سەرنجێکی ئەقلی‌یەوە سەیری کارو ئیش‌کردن ئەکات . زنجیرەیەک دەوری نوێ پەیدا بوو لە گوندو شارەکانی بەیەکەوە ئەبەست ، ئەوسا ئەو رژێمی دەرەبەگایەتی‌یە کەوتە پەیدابوون کە بریتی بوون لە ژمارەیەکی پرش‌و بلاوی شاری پێش پیشەسازی بە گوند دەوردراو .

کۆمەڵگای نوێ :

بەشی دووایی کتێبەکە دەبارەی لێکۆڵینەوەی مرۆڤە لە کۆمەڵگای نوێدا . هەوڵدانێکە بەو نیازەی هێزە سەرەکی‌یەکانی ئەم کومەڵگایە دەست نیشان بکات ، لەگەڵ وەسف‌کردنی ئەم هێزانە لە چوارچێوەی رێکخستنی کۆمەلایەتیدا .

بەم بۆنەیەوە سێ دیاردە پیشان ئەدات کە خۆیان بەسەر کۆمەڵگا نوێیەکاندا ئەسەپێنن‌و برتین لەمانە : دیاردە بیرۆکراتیەکان ، کۆمەڵگای جەماوەری‌و بزووتنەوەی کۆمەلایەتی :

بیرۆکراتیەت :

هەرچەند قەوارەی کۆمەڵگای نوێ زیاد بکات ، پرۆژەکانیش گەورە تر ئەبن وقوتابخانەو خەستەخانەو دەستگا سوپاییەکانی‌و شتی تر بلاو تر ئەبن‌و ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کەسانو بەشە کۆمەلایەتی‌یە بچووکەکان لەلایەن ریکخراوە

گەورەکانەوە قووت بدرێن . هەر چەندە مەرج نی یەو پێویستیش نی یە ئەم ڕێکخراوانە ببنە ڕێکخراوی بیرۆکراتی بەلاَم وا ڕۆشتووە روو بکەنە جۆرو شێوەی بیرۆکراتی لە خۆرێکخستنی کۆمەلاَیەتی‌کاندا بەلای ماکس فیرەوە بیرۆکراتیەت لەهەموو جۆرەکانی تری ڕێکخستنەوە بەتواناو گورج ترە . بەلای ئەوەوە بیروکراتیەت بریتی‌یە لە بەکارهێنانی دەسەلاَتێکی مەشروع لەرێی دەستگایەکی بەرێوەبەرایەتی کارکەرانەوە فیر ، دە مەرج وپێوانە بۆ بیرۆکراتیەت دائەنێت ، ئەگەر هەموو ئەو دە پێوانەو مەرجانەی تێدا بێت ئەوە ڕێکخستنێکی نموونەیی بیرۆکراتیەت دێتە دی .

لەم ڕێکخستنەدا دەسەلاَت بە خەلکی‌یەوە نەبەستراوە بەلاَم بەشێکە لە رژێم خۆی . هەر ئەمەشە کە بووەتە هۆی بناغەیی کارامەیی ئەم رژێمە . چونکە دەسەلاَت لە خەلکی جیائەکاتەوە ، ئەو دەسەلاَتی خەلکی لە پێناوی دەست خستنیدا شەری لەسەر ئەکەن . شتێکی ئاشکرایە رەخنەیەکی زۆر لەم شی‌کردنەوەی ماکس فیر گیرا ، بەتایبەتی لەسەر رۆشنایی لێکۆلێنەوە نوێیەکانی ڕێکخراوە کۆمەلاَیەتیەکان . رەنگە گرنگترین ئەو رەخنانە ئەوەبێت کە دەربارەی پشت‌گوێ خستنی دەوری ڕێکخستنی نارەسمی لە پشتگیرکردنی ریکخستنی رەسمی‌دا ئەدوێت ، یان پێچەوانەوە رێ‌لی‌گرتنی بەرادەیەک ریکخراوەکە نەتوانێ بەو توانایەو بەپێی ئەو مەرجانە بجوولێتەوە کە فیر بۆی داناوە . ئەمە جگە لە چەند دیاردەیەکی نەخۆشاوی تر کە چەند لێکۆلێنەوەیەکی نوێ دەربارەی ڕێکخستن ئاشکرایان کردووە . یەکێک لەو لێکۆلێنەوانە هینەکەی پیتەر بلۆیە دەربارەی پەیوەندی نێوان منافسە بەربەرەکێشی‌و بەرهەم‌هێنان ولێکۆلێنەوەکەی ئەدوارد جریز دەربارەی ئەوەی چۆن بیرۆکراتیەت ئەتوانێ لە دەسەلاَتدا بمێنێتەوە .

کۆمەلگای جەماوەری‌و کۆمەلگای زۆرداری : ویسپۆت .

ئەم پەرەسەندنە زۆرەی پارچە کۆمەلاَیەتیەکان‌و توانەوەی کەسان لەناو دەستگا بیرۆکراتیەکانداو ئەو باوەرە بلاَوەی گوایە لە هەموو شوێنێکدا بیرۆکراتیەت بووەتە هۆی ئەوەی بەو چاوە سەیری کۆمەلگای نوێ بکرێت ، وەك کۆمەلگایەکی جەماوەری بێت ، ئەم چەمکەش دووایی خراپ بەکارهێنرا وەکو چۆن بۆ بیرۆکراتیەت خۆی بەکارهێنرا . هەندێك ئەوەی تیا بەدی ئەکات کە بریتی‌یە لەوەی رۆتین‌و پەیوەندی ناشەخسی دەستی بەسەردا گرتووە . هەندیکی تریش ئەوەی تیا ئەبینێ کە بریتی‌یە لەوەی دەستگا ئابووری‌یە گەورەکان لە سەر شانی موستەسمیرە بچووکەکان هەتابێت‌و بێ‌وەستان گەورە تر ئەبێت . بگرە هەیە لەو رایەدایە کە بەبێ بەشدار بوون لەم یان لەو ڕێکخراودا کەس ناتوانێ لە کۆمەلگای نوێ‌دا بژی . سەیر ئەوەیە یەکێك لە زانا کۆمەلگا ناسەکان لەم رووەوە ئەدوێت‌و ئەوە دەست نیشان ئەکات کە تاك (لە کۆمەلگای رۆژئاوادا) لە دەستگایەکدا لە دایك ئەبێت‌و لە دەستگایەکیشدا ئیش ئەکات و لە دەستگایەکدا یاری ئەکات‌و هەتا کە ئەشمرێت ئەبێ میری رێگای ناشتنی بدات . میریش وەکو ئاشکرایە دەستگای هەرەگەورەیە .

ئەوی راستی بێت ، تێگەیشتنی کۆمەلگای جەماوەری پێویستی بە تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان دەستەی هەلبژاردەو جەماوەردا هەیە . لەبەر ئەمە ، ئەم کۆمەلگایە بەوە ناو ئەبرێت کە بریتی یە لەو پارچەکۆمەلاَیەتیەی جەماوەر لەناویا ئەتوانێ کار بکاتە سەر هەلبژاردە ، بێ‌گومان ئەوەش لە توانادایە دەستەی هەلبژاردە ئەوەی بۆ هەیە سەرباز لە جەماوەر بگرێت‌و بۆکاری خۆی بەکاری بهێنێ . لەبەر ئەمە لە کۆمەلگای زۆردارا ئاوکردنی جەماوەر ئاسانە ، چونکە لە توانادا نی‌یە بگاتە دەستە هەلبژاردە ، لەبەر ئەوەی هەموو وەسیلەکانی دەم‌کوت کردن‌و رێ پیشان دان‌و بەرهەمی زانستی‌و هونەری بەدەست ئەوەوەیە . جگە لەوەش جەماوەر ئەو توانا و چەکە کۆمەلاَیەتیانەی بە دەستەوە نی‌یە تابتوانێ بو بەرهەلستی کردنی دەستەی هەلبژاردە پشتیان پێ ببەستێ . ئەمەس لەرێی دوو ووتارەوە روون کراوەتەوە . یەکێکیان باسی دیاردەی سەرپەری‌و نارەزایی دەربرین ئەکات وەك رەوشتێك بێت لە چوارچێوەی کردەوە سیاسی‌یە مەشروعەکانەوە هاتبێت .

ئەوی تریشیان بزووتنەوە کۆمەلاَیەتیە پان‌و فراوانەکەی سالاَنی شەست‌و حەفتا شی ئەکاتەوەو بەدیارترین دیاردەکانی کۆمەلگای هاو چەرخیان دائەنێت .

بزووتنەوەی کۆمەلاَیەتی :

ئەمەش باسی ئەوە ئەکات چۆن لەکۆمەلگادا خەلکی ، تاك بێ یان کۆمەل لە شوێنێکەوە ئەچێت بۆ شوێنێکی تر . ئەمەش ئەبێتە هۆی گۆرینی بینای چینایەتی کومەلگا . جا ئەو

بزووتنەوەیە کۆڵەکی یان ئاسوێنی بێت‌و لە ژیانی کەساندا بێتەدی ، یان لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی تر بڕوات . بزووتنەوە چەمکێکی دیموکراتی‌و بینائیە ، هەمە جۆری ڕەوشتی تێدایەو بارمەتی تێگەیشتنی کۆمەڵگا ئەدات .

ئەو هۆیە بناییانەی کارئەکەنە سەر بزووتنەوەی کۆمەلاّیەتی . ئەوە نووسەر لە چوارچێوەی کۆمەڵگای ئەمەریکادا لی‌ّیان ئەدوێت . ئەمەش ئەگەڕێتەوە سەر سیّ هۆی سەرەکی : گۆڕینی بی‌ّوەستان لەو پلەو وەزیفانەدا کە پیویستمان بە پڕکردنەوەیە . گوڕینی رای کومەڵگا بەرامبەر هەمە جۆری پایەو مەرکەزو رادەی منالّ بوون لە هەموو چینێکدا . دووایی نووسەر دێتە سەر ئەوەی دیارترین خاسیەتەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی نویّ کورت بکاتەوە وبیخاتە بەر دەم کە بریتین لە : بیروکراتیەت‌و چینایەتی‌و ئەو بزووتنەوەیەی لەسەر کارامەیی وەستاوە . لەگەلّ ڕێکخستنی پیشەسازی بۆ کارکردن . هەروەها چەند سرشتێکی ترکە بۆی هەیە پەیوەندی‌یە باوەکان لەناو خەڵکیدا لەناو بەرێت .

ڕێکخستنی کۆمەلاّیەتی‌و جۆری ژیان :

لەکۆتاییدا نووسەر ئەیەویّ ڕێکخستنی کۆمەلاّیەتی وەك باسێکی زانستی کۆمەڵگا ناسین بی‌ّ ، لەگەلّ جۆری ئەو ژیانەی خەڵکی لە کۆمەڵگای هاو چەرخدا تیا ئەژی ، بەیەکەوە ببەستێت . لێرەشدا ئەو بیرە دێتە کایەوە کە بریتی‌یە لەوەی ، سیفەتی مرۆڤایەتی داوای بەشداربوونی ژیانی کۆمەلاّن بە جۆرێکی ڕێکخراو هاورێکی ئەکات . لەگەلّ دووپات کردنەوەی ئەوەی کە ڕێکخستنە کۆمەلاّیەتیەکان بوونێکی خۆیی سەربەخۆیان هەیە ، واتە سەربەخۆیە لە نیازو خواستی ئەو کەسانەی پێکیان هێناون . لێرەدا پەیوەندی نێوان ڕێکخستنی کۆمەلاّیەتی‌و جۆری ژیان قایم ئەبێت . جۆری ژیانیش ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ رادەکانی ئەو چوار شی‌کردنەوانەی لە سەرەتای ئەم باسەدا بەم جۆرەی خوارەوە دەست نیشانمان کردن :

أ – رادەی زگ‌ماکی : ئەمەش بریتی‌یە لەوەی هەموو ئەو شتانەی پێگەیشتنیکی تەواو بۆ مرۆڤ دەست ئەخات ، وەکو خواردەمەنی باش‌و هەوای پاك‌و ئاوی خواردنەوەی بی‌گەردو شوێنی ژیان‌و ئاوڕلی‌ّدانەوەی پزیشکێتی .

ب – رادەی سایکۆلۆجی : بریتی‌یە لە رژێمێکی فێرکردن منالّ پەروەردە ئەکات لەگەلّ پێویستی‌یەکانی تەندروستی دەروونی . ئاسایش ونەترسان لە ژیان ، ئەو ژیانە خۆشەی پێویستە کۆمەڵگا بۆ کەسانی خۆی ئامادە بکات .

جـ – رادەی کۆمەلاّیەتی : بریتی‌یە لە ڕێکخستنی ڕێگاکانی بەرهەم هێنان ، لەگەلّ نا مەرکەزیەت‌و ڕێگاکانی جڵەوگرتن . هەروەها دەوری دەستە کۆمەلاّیەتیە جیاوازەکان لە کردەوە سیاسی یەکاندا .

د – رادەی رۆشنبیری : ئەمەش بریتی یە لە یارمەتی دان‌و پالّ پشتی‌کردنی دەوڵەت بۆ شانۆو سینەماو تەلەفیزیۆنی فێرکردن‌و هونەری پلاستیکی .

لەبەر رۆشنایی ئەم رادانەدا نووسەر ئەو راستی‌یە ئەخاتە بەرچاو کە جۆری ژیان لە ئەمەریکا (کە لێکۆڵینەوەکە بەتایبەتی لەسەر ئەوە) لە سالاّنی حەفتادا بەرەو خووار ئەبێتەوە . هەرچەندە بیرورا بەرامبەر ئەم کێشەیە جیاوازە ، بەلاّم دووایی دەسەلاّت نی‌یەو ئەو پرسیارە گرنگە دێتە کایەوەو خۆی ئەسەپێنیّ . ئەو پرسیارەی دەربارەی دۆخی تاکە لە کۆمەڵگادا . ئەپرسیّ . ڕێکخراوی وە ها چەسپاو هەیە کەسان بەشداری بکات بەو نیازەی خۆی‌و بەرژەوەندی‌یەکانی بپارێزێت ؟ ئایا کەس لەو رایەدایە . لەتواناادا بێت جۆری ژیان بۆ ئەوو بۆ کەسانی تر باشتر بکرێت ؟ ئەوی راستی بێت ، جۆرە رەش‌بینی یەك لە کۆتاییدا تووشی نووسەر ئەبێت‌و چەند کێشەیەك ئەخاتە بەردەم کەبەتەواوەتی هەقی خۆی نەداونەتیّ ، چ لە ڕووی لێکۆڵینەوە یان لە ڕووی گفتوگۆوە . ئەمەش لەبەر ئەوەیە کتێبەکە ئەیەوێت ژمارەیەکی زۆری بیرورا کۆبکاتەوەو یەکیان بخات . ئەمەش بی‌گومان کارێکی گرانە . بەلاّم لەگەلّ ئەمەشدا . کتیبەکە ئەمەندە باسی هێناوەتە کایەوە ، ئەوەندە لیکۆڵینەوەی خستۆتە بەردەم ، ئەمانە بەسەریەکەوە وا ئەکەن ئەم کتێبە ببێتە کتێبێکی لێکۆڵینەوەی باش لە زانستی کومەڵگا ناسیندا .

گوڕینی : د . کاوس قەفتان
لەگۆڤاری « جیهانی بیر»
ئەیلولی ١٩٨١
بەغدا